هزری سۆفیزم
لای (بابا تاهیری عۆریان)

م. ئارام قادر صابر
بەشی فەلسەفە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی ڕاپەڕین

م. محەمەد جەودەت عومەر
بەشی فەلسەفە
کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین

پێشەکی

توێژینەوە و بەکێشەکردنی بابەتێک لە خۆیدا هەڵگری ئیشکالیەتی جۆربەجۆرە، کە بۆ توێژەران کارێکی ئاسان نییە. چونکە لە ڕەوتی توێژینەوەدا، توێژەران ڕووبەڕووی سەرچاوە و ئارگیومێنت و دیدی جیاواز دەبنەوە و هاوکاتیش ئارگیومێنت و دیدی جیاوازی دیکەیش دێنە ئارا، بەڵام ئەم ئاڵۆزی و ئیشکالیەتە دواجار بەرهەم و ئەنجامێکی مەعریفی تازە دەخاتەوە، بە تایبەت بۆ ئەو بابەتانەی کە هێشتا لایەن و دیوی تاریک و لێڵ و ناڕوونیان هەیە.

توێژینەوە لە سۆفیزم، هەروەها سۆفیزمی کوردی- ئیسلامی، ئایین و ئایینزا کوردی و ئیسلامییەکان، هەڵگری خەسڵەتی ئیشکالیەت ئامێزن، ئەمەش تەنها بۆ سەرچاوە و دیدی جیاواز ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ شێواندن و بەلاڕێدابردنی گوتار و مێژوو و ڕووداوەکان و بابەت و گێڕانەوەکان دەگەڕێتەوە، لێرەشدا سەبارەت بە هزری سۆفییانەی (باباتاهیر) هەمان کێشە لە ئارادایە. کەواتە ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی ساغکردنەوەی هەندێ ئیشکالیەت لەبارەی سۆفیزمی (باباتاهیر)ەوە، هەروەها ئەنجامدانی ئەرکێکی ئەکادیمی، کە پێشتر توێژینەوەی وردی ئەکادیمی لەو بوارەدا دەگمەنن، بەڵکو زیاتر لە شێوەی وتار و گێڕانەوەی مێژووی ئەدەبی نووسراون، لە کاتێکدا هەندێک لەوان پەیوەست بە ئەدەبیات و سۆفیزمی فارسی و عەرەبی زیاتر هەوڵی شێواندنی ڕاستینەی مێژوویی کوردانیان داوە.

توێژینەوەکە بە لێکدانەوە و راڤە و شرۆڤەی بەرهەمەکانی (باباتاهیر) و سەرچاوەکان لە هەردوو میتۆدی شیکاری و هێرمیونیتیکی کەڵک وەردەگرێت و دەیەوێت لە کۆنتێکستەکانەوە ئەرگیومێنت و بەڵگە زانستی و لۆژیکییەکانی بکاتە پاساوی عەقڵانی بۆ تێز و تیۆر و بۆچوونەکان.

سەبارەت بە پەیکەرە و بونیادی توێژینەوەکە، لە شێوەی باس و تەوەرەدا بە دوو باس و چەند تەوەرەیەک هەوڵدراوە، (باباتاهیر) و هزر و هۆزان و پەیڕەوی ئایینی و تێز و تیۆرەکانی و پەیوەندیی لەگەڵ رێبازەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیی سۆفییانە بخرێنەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر هەوڵدراوە سوود لە سەرچاوەکانی خۆی و ئەوانە وەربگیرێت کە لەبارەیەوە نووسراون.

باسی یەکەم: (بابا تاهیر) و پەیوەندی بە ئایینی (یارسان[1])ەوە

تەوەری یەکەم: (بابا تاهیری عۆریان[2]) کێ بووە؟

(بابا تاهیری عوریان) یاخود (بابا تاهیری هەمەدانی) سۆفییەکی کوردی هەمەدانی بووە و ساڵی (٤١٠ی کۆچی) مردووە، کە بە ناوبانگ بووە بە هۆزانەکانی لەسەر شێوەی غەزەل، بەیت و چوارینە و (عومەری خەییام)ی هۆزانڤان کێبڕکێی ئەم شێوە چوارینانەی لەگەڵدا کردووە، هەرچەندە بەیتەکانی (باباتاهیر) زیاتر بۆن و بەرامەی ئیمان و عەشقی هەق دەدەن و لەم لایەنەوە لە پێگەی (فریدالدین عطار) و (مولانا جلال الدين رومى)یە. خۆی وەک (سۆفییەکی قەلەندەر)ی گەڕیدە و بێ ماڵ نیشانداوە (الحفنی، ٢٠٠٣، ٥٥). سۆفییەکی پایەبەرزە دڵسووتاوە و هەمیشە لە بیری خودا و مردندا بووە، سۆز و نیاز و خەم و خەفەتی هەر یادی خوا و باسی مردنە (خاڵ، ١٩٧٧، ٢٣). هەروەها، بێ ناونیشان، گۆشەگیر، بێ نیاز و خاوەن دڵ بووە، یەکێ بووە لە عاریف و پیاوچاکانی (ئەهلی هەقی یارسان)ی موسڵمان.

بە گوێرەی سەرچاوە و توێژینەوەکان (بابا تاهیر) لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، نزیکترین ژێدەریش بۆ ئەم بابەتە بریتییە لە کتێبەکەی (راحة الصدور و آية السرور در تاريخ ال سلجوق)ی (محمد بن سليمان الراوندي) کە ساڵی (٥٩٩ی کۆچی) نووسراوە، ناوی بابا تاهیر لە ڕووداوێکی

مێژوویی دەبات لە سەردانی (سوڵتان توغروڵبەگی سەلجوقی) بۆ شاری (هەمەدان) و تیایدا باس لە دیداری نێوان (سوڵتان توغروڵبەگی سەلجوقی) و (بابا تاهیر) دەکات، لێرەدا دانەر دەیەوێت ئەوە دەربڕێت کە پلە و پێگەی دەروێش و سۆفییان لەو سەردەمەدا باڵا بووە. ڕووداوی دیدەنییەکەش بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: "بیستم لەو کاتەی کە (سوڵتان تۆغروڵبەگ) هاتە شاری (هەمەدان) ئەولیای سۆفییان سێ پیر بوون (بابا تاهیر و بابا جەعفەر شێخ حەمشا) لەلای شاخێ کە ناوی (خدر) بوو لە دەروازەی (هەمەدان) وەستابوون، کە سوڵتان چاوی پێیان کەوت پیاوەکانی خۆی ڕاگرت و خۆیشی لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و لەگەڵ وەزیری (ئەبوو نەسری کەندەری) بەرەو ڕوویان ڕۆیشت و ویستی دەستیان ماچ بکات، (بابا تاهیر) لەو کاتەدا لە حاڵەتی (جەزبدا) بوو ڕووی کردە سوڵتان پێیگوت: ئەی تورك دەتەوێت چی لەگەڵ خەڵکی خودا بکەیت؟ وتی: ئەوەی ئەمر دەکەی ئەوە دەکەم. (بابا تاهیر) وتی ئەوە بکە کە خودا دەیەوێت، خودا دەفەرموێت (ان الله يأمر بالعدل والاحسان). سوڵتان دەستی کرد بە گریان وتی: وا دەکەم. بابا تاهیر دەستی گرت و پێیگوت: ئەم دیارییە لە من وەردەگریت؟ سوڵتان وتی بەڵێ. ئیتر (بابا تاهیر) گەرووی مەسینە شکاوەکەی لە ئەنگوستی دەرهێنا، ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ دەستنوێژ بەکاری هێنابوو، وە لە ئەنگوستی سوڵتانی کرد و پێیگوت: من هەموو سامانی سەر زەویم خستە ناو دەستت لەو کاتەی کە ئەم ئەموستیلەیەم لە ئەنگوستت دەکەم دادپەروەر بە. سوڵتان دیاری بابا تاهیری پاراست و بۆ هەر شوێنێك بچوایە لە دەستی دەکرد" (الراوندي، ١٣٦٣، ٩٩) هەروەها بڕوانە (ذبيح الله، ١٣٧٩، ٥٣٨). کەواتە بە گوێرەی ئەم سەرچاوە نزیکە مێژووییە بێت، (بابا تاهیر) لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە.

هەرچی سەبارەت بە پێشناوی (بابا) بێت، ئەوا لە میتۆلۆجیای یارسانیدا، (بابا) فریشتە و پیاوچاکێک بووە لە ئەهلی هەق و یارسانەکان. بەکارهێنانی وشەی (بابا) لەپێش ناو بۆ ڕێبەرانی ئایینی یارسان و تەریقەتی سۆفیگەری (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٨٤) و هاوشێوەی وشەی (پیر) بەکاردەهێنرێت (بۆ نموونە لە ئایینی زەردەشتی و یەزیدیدا). ئەم بەکارهێنانە ئێستاش لە ئارادایە، (وەک: بابا شێخ، بابایەکی وەک فلانەکەس...)،

توێژەر (ڕەحیم لوقمانی) لە پێشەکی وەرگێڕانەکەی بۆ چوارینەکانی (بابا تاهیر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ئایینی مەسیحیشدا (پاپا) بەکاردەبرێت بۆ گەورە پیاوان و باوکانی کەنیسە. بەڵام لەناو فارس (بابا) زیاتر واتای باوک دەدات نەک کەسانی مەزن و پاک و ڕێنوێن و پیرۆز وەک لای (یارسان) (لوقمانی، ١٣٩٢، ٢).

بە باوەڕی ئێمە، جیا لەو واتا و تێگەیشتنانە، دەشێ وەها لە پێشناوی (بابا) تێبگەین کە لە پەیڕەوانی سۆفیزمی یارسانیدا بۆ کەسانێک بەکارهاتووە کە تەرکی دونیایان کردووە و لە خەمی خۆشگوزەرانی و چێژە دنیاییەکاندا نەبوون، زیاتر گۆشەگیر و ڕەجاڵ بوون و حەزیان لە ناو و نێوبانگ نەکردووە، بۆ بەڵگەی ئەمەش، تا ئێستا لە کوردەواریدا بە کەسانێکی لەو شێوەیە کە حەز بە ناو و نێوبانگیان نەکرێ دەگوترێ (بابا-یەکی وەک فلان و فیسارە کەس، بابایەکی نەدیو و نەناسیو...)، کە بێگومان ئەم وشەیە لە زمانی کوردی و پەهلەوییەوە پەڕیوەتەوە نێو زمانی فارسیش و ئەوانیش بە هەمان مەبەست بەکاری دەبەن. ئەم جۆرە ناونان و بانگکردنەش تایبەتمەندییەکی سۆفییانە و هزرییانەیە، چونکە ئەوان هێندەی حەقیقەت و ژیانی ناخەکی (باطني)یان لا گرنگە هێندە بایەخ بە ڕووکەش نادەن، هەروەها دەشێ ئەم پێشناوە بۆ جۆرێک لە نەناسراوی و پێناسە نەکراویش بێت، چونکە سۆفیزم و عیرفان زیاتر دەچنەوە سەر زمانی ئاماژە (هێمایی) و تەنانەت لە هەندێ ڕێباوەڕ ناوی خوداش وەک ئاماژە و کینایە دەبەن و تەنها دەڵێن (ئەو)، بۆ ئەوەی دوور بن لە پێناسە و شوبهاندنی دنیایی و ئەزموونگەرایی کە خەڵکی عەوام و ئەهلی شەریعەت زیاتر رووی تێدەکەن. ئەم تێگەیشتنە زیاتر لە ڕێباز و قوتابخانەی (ئەسکەندەرانی فەلسەفی)دا، بە رابەرایەتی (پلۆتین/ئەفلۆتین) دەبینرێت، کە لە مێژووی فەلسەفەدا بە پلاتۆنیزمی نوێ ناسێنراون. باوەڕیان وایە خودا بە هەر شتێک پێناسە بکرێت یان بچوێنرێت هەڵەیە، چونکە خودا لەو شتە گەورەتر و هاوکاتیش دروستکەری هەر شتێکە.

هەروەها (عۆریان)یان پێگوتووە یان خۆی ئەم ناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە واتە (ڕووت، سادەپۆش، ڕووتەڵە) بە مانا عیرفانییەکەی بەکەسێك دەگوترێت پێشتر پلە و پایەکی ئیلاهی وەرگرتبێت (اذکایی، ١٣٧٥، ١٢٧)، هەروەك لەلای ئەهلی حەق

(یارسانەکان) دەڵێن 'بەشی درابێت'، واتە لە زاتی خوایی بەشی هەبێت، چونکە باوەڕی بە هزری سۆفیزم بووە بەتایبەت تیۆری (یەکێتی بوون- وحدة الوجود)، ئینجا هەمەدانیان پێوتووە چونکە لە هەمەدان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. لە شیعردا ناوی ڕاستەقینەی خۆی کە (تاهیر)ـە بەکارهێناوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٨٤).

هەرچی لەبارەی بەرهەمەکانی (بابا تاهیر)ەوەیە، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ هۆزان و گوتەکانی دەکەن، ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە و ساغکراوەتەوە و چاپکراوە بە دوو شێوەیە: هۆزان و گوتە کورتەکانی. کە لەلایەن (رازی) شاعیر و (قەدری یەڵدرم) و (ناسری حیسامی) بە شێوە زاری جیاوازی کوردی و ڕێنووسی جیاواز وەرگۆڕدراون. بەڵام سەرچاوەی بەردەست بۆ ئێمە بریتین لە هۆزانەکانی لەسەر شێوەی دووبەیتی (چوارینە) بۆ سەر شێوەزاری کورمانجی خواروو لەلایەن (ڕەحیم لوقمانی) وەرگۆڕدراون و گوتە کورتەکانیش لەلایەن (د. ابراهیم احمد شوان) وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی زانست و شەریعەت، حیکمەت و حەقیقەت، سۆفیزم و ڕێباوەڕی (باباتاهیر)ن کە باس لە قۆناغەکانی سۆفیگەری دەکات و بابەتەکانی بریتین لە (زانین، مەعریفە، ئیلهام، کەرامات، نەفس، عەقڵ، سەماع، یاد، ئیخلاس، مانەوە لە پەرستگا). کەواتە نووسینەکانی (بابا تاهیر) جگە لە دوو بەیتییەکانی، هەندێك بەرهەمی بە عەرەبی و فارسیش نووسیوە وەك (کلمات قصار) یان (الاشارات) کە بریتین لە کۆمەڵێك پەند و وتە بەعەرەبی لەبارەی جیهانبینیی سۆفیزم، ئەم کتێبەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، کە یەکێکیان بە ناوی (الفتوحات الربانية في الاشارات الهمدانية) بەڵام ئەوەی ناوبانگی (بابا تاهیر)ی گەورە کردووە بریتییە لە هۆزانە دوو بەیتییەکانی (مقصود، ١٣٤٣، ٦٩٨).

هەردوو سەرچاوە هزرییەکەی (بابا تاهیر) لە هۆزان و گوتەکانی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون. ئەمە سەرەڕای توێژینەوە و نووسین لە سەرچاوە و گۆڤارەکاندا لە نموونەی هەوڵە بە نرخەکەی (د. مارف خەزنەدار) بە ناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی- حەوت بەرگ). هەرچەندە (بابا تاهیر) کورد بووە و بەو پێیەش دەبێ بە زمانی کوردی نووسیبێتی، هەروەک ئاماژە بەوە دەکرێت کە بە شێوەزاری گۆران و

لوڕی کوردی نووسیویەتی، چونکە (بە بڕوای مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناس) خۆی لە هۆزی لوڕی کورد بووە، هاوکاتیش زمانی فەرمی یارسانەکان دیالێکتی (گۆران)ە، لەبەرئەوە نووسینەکانی شێوەزارێکی تێکەڵی نێوان گۆران و لوڕە، بەڵام بە هۆی دۆخی کورد و ناوچەکە و جیهان زمانی بەرهەمەکانی شێوێنراون بە تایبەت لەلایەن فارسەکانەوە و لە هەندێ سەرچاوەشیان (بابا تاهیر) لە نێو ئەدەبی فارسی هەژمار دەکەن! (لوقمانی، ١٣٩٢، ١١). سەرەڕای ئەوەش پێگە و ڕۆڵی (بابا تاهیر) لە سۆفیزمی ئیسلامی و قووڵبوونەوە لە ئایینی ئیسلامدا، وایکردووە عەرەبەکان بۆ خۆیانی کێش بکەن، وەک ئەو گێڕانەوەیەی (د. عبدالمنعم الحفني) لە کتێبەکەیدا (الموسوعة الصوفية)دا هێناویەتی سەبارەت بە هێز و کەراماتی (بابا تاهیر) کە لەلایەن موریدەکانییەوە گێڕدراوەتەوە، گوایە ئێوارەیەک لە نێو گۆمێکی شەختەبەندا ماوەتەوە، بەڵام بە گڕی ئیمانی توانیویەتی سەهۆڵەکە بتوێنێتەوە و سەرلەبەیانی وەک نوورێک دەرکەوێت، لەو حاڵ لێهاتنەدا گوتوویەتی "ئێوارە کوردییانە و بەرەبەیان عەرەبییانە بووم/ امسيت كرديا و اصبحت عربيا" (الحفنی، ٢٠٠٣، ٥٦). هەرچەندە دەربڕینی سۆفییانە و ئاماژەییانە لە دۆخی حاڵ لێهاتنی سۆفییەکان زۆر قورسە بە زمانی ئاسایی تەرجەمە بکرێت و لێی تێبگەین، بەڵام زۆر ڕوونە کە (بابا تاهیر) کەسێکی دەمارگیر نەبووە، بەڵکو لە ناو سۆفی و عاریفاندا بە یەکێک لە هەرە جیاوازترینیان دادەنرێت لە دانان بە ئەوانیدی و بڕوابوونی بە جیاوازییەکان، ئەمەش لە چوارینەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین.

تەوەری دووەم: پەیوەندیی بابا تاهیر بە ڕێبازی (یارسان)ەوە

١- ئاینی (یارسان):

لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا، هزری (ڕەنگدانەوەی خودا لە مرۆڤدا) یان تێخزانی گیانی خودا بۆ نێو گیانی مرۆڤ بڵاو بۆوە، بە تایبەت لەلای عاریفانی ئەو سەردەم، لە ناوچەی کوردستان و لوڕستان، کاتێ ئایینی (ئەهلی هەق) سەری هەڵدا. هەروەک لای گەورە پیاوانی عیرفان (بایەزید بوستامی، مەنسووری حەلاج، سوهرەوەردی، بابا تاهیری هەمەدانی، و عەینولقوزاتی هەمەدانیی و هتاد...) ئەم عاریفانە کۆك بوون لەسەر ئەو بیرۆکەیەی، کە عاریف دەتوانێت لە کۆتایی قۆناغی گەیشتن بە حەقیقەت واتە تەجەلی و تێخزان، بگات بە وەجد و شهود (بینینی زاتی خودا) و دۆخی توانەوە لەگەڵ خودا پلە و دۆخە باڵاکانی بوون لەگەڵ خودا، (من ئەوم و ئەویش من).

لە کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، کەسێك بە ناوی (سوڵتان ئیسحاق) پەیدابوو، کە بانگەشەی بۆ هزری تەجەلی دەکرد و پەیڕەوانی خۆیشی فێری ئەوە دەکرد کە چۆن بتوانن بە قۆناغی تەجەلی دەست پێبکەن، بەم هۆیەوە بە پەیڕەوانی سولتان ئیسحاق گوترا (ئەهلی حەق). بەم شێوەیە ئایینێک لە کوردستان و لوڕستان پەرەی سەند کە دواتر پێیانگوترا (یارسان) واتە (دۆستی حەق/خودا) (یزدان پناه، ١٣٩٨، ٢٤٨-٢٥٠).

ئەم گرووپە ئایینیە، بەهۆی تایبەتمەندیی ئایینەکەیان و دەوروبەریانەوە بەشێکی زۆری بیروباوەڕ و مەراسیمەکانیان بەشێوەیەکی شاراوە و نهێنی ماوەتەوە، جگە لە خۆیان، خەڵکانی دی زۆر ئاگاداری ناوەرۆکی بیروباوەڕیان نەبوون. تا ئێستاش سەرجەم نووسین و گوتە و وێردەکانیان بەتەواوی چاپ نەکراون و تەنها بەشێوەی دەستنووس لای هەندێك توێژەران و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی پارێزراون و هێشتا زۆربەشیان ساغ نەکراونەتەوە، جگە لە (زەبووری حەقیقەت) کە بەشێک لە گوتە و سرووتە ڕۆحانییەکانی ئەم ڕێباوەڕەی لەخۆگرتووە.

دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی (ئایینی یارسان) ئاسان نییە، چونکە وەك دەردەکەوێت، ئەم ئاینە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە و پاشان پەرەی سەندووە و

شێوەی ئێستای وەرگرتووە، بەگشتی هەریەك لە قۆناغەكانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و بە ڕوونی ناتوانرێت وەک خاڵی دەسپێكی مێژووی ئایین و ڕێبازەكە دابنرێن و بە یەقینەوە وەك سەرەتای مێژووی یارسان یان (ئەهلی هەق و كاكەیی) هەژمار بكرێن.

یەكێك لە نووسەر و پێڕەوانی ئەم ئایینە بە ناوی (نوور عەلی ئیلاهی) سەرەتای مێژووی (یارسان) بۆ پەیمانی (ئەلەست/ألست)ە دەگێڕێتەوە، بەگوێرەی (قورئانی پیرۆز) (سورەتی الاعراف، ئایەتی ١٧٢) پەیمانی ئەلەست بریتییە لە پەیمانی خودا و نەوەی ئادەمی، كە خودا خۆیانی كردووە بە شاهید بەسەر بەڵێنەكەی خۆیانەوە كە بریتی بووە لە باوەڕیان بەڕبووبییەت و بەدیهێنەری و پەروەرێنیی خودا و خەڵقیان لە تۆوی پشتی ئادەم و ئەوانیش بە شێوەی (قالوا بلی شهدنا) وەڵامیان داوەتەوە، وشەی (ئەلەست) كە لەلای ئەهلی تەسەوف شێوەی ناوی وەرگرتووە، لە بنەڕەتدا نیوە ڕستەیەكی پرسیارییە و لە ئایەتەكدا بە (ألست بربكم) هاتووە.

لەبارەی بنەچەی ئایینی (یارسان)ەوە بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك لایان وایە ئەم ئایینە پاشماوەی بیروباوەڕی كۆنی كوردانی ئێرانییەكانە، هێندێكیش رەگی بەشێك لە بیرو بۆچوونەكانیان دەگێڕنەوە بۆ ئایینی مەسیحی و یەهوودی، تەنانەت بوودایی و هندۆسی. بەڵام ئەوەی كە روونە لەم ئایینەدا كاریگەریی سۆفیگەری و عیرفان بەتەواوی دەردەكەوێت. هەندێك لە پەیڕەوانی (یارسان) یان كاكەیی نەك هەر دان بەوەدا دەنێن كە موسڵمانن، بەڵكو بەرگری لە موسوڵمانبوونی خۆیان دەكەن و بەرپەچی ئەوانە دەدەنەوە كە وەك لادەر و بیدعەتكار لێیان دەڕوانن. نووسەرێكی وەك (د. محەمەد عەلی سوڵتانی)، بە جەختكردنەوە داكۆكی لەوە دەكات كە بیروباوەڕی (یارسان) لە ئیسلامی عەلەوییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام هەندێكی تریان بە توندی ئەوە رەتدەكەنەوە كە بەموسوڵمان هەژمار بكرێن (جووتیار نەریمان). دەكرێت بگوترێت، ئایینی (یارسان) یەكێكە لە ئایینە رۆحییەكان كە زیاتر بایەخ بە ناوەوە و شوناسی ناخەكی دەدات و هێندەی پەیڕەوی لە حیكمەت و حەقیقەت دەكات هێندە ناپەرژێتە سەر شەریعەت، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە رەوتی ستەم و مێژووی پەرەسەندنی ئایینیدا، هێندێ لە ئایینەكان لە پێناو مانەوە و

پاراستن چوونەتە ژێر باری بە (مەزهەب بوون) و لای خەڵک جەوهەرە سەربەخۆیەکەی خۆیان ون دەکەن، هەروەک شیعەگەری لای (یارسان و کاکەیی و هەق) و سوننەگەری لای (یەزیدی).

٢- سۆفیزم لە (یارسان)دا

سۆفیگەری یان تەسەوف لە ئایینی یارساندا بە روونی دیارە، دیارترین جیاوازیی ئەم رێباوەڕە لەگەڵ رێباوەڕ و ئایینزا ئیسلامییەکان بریتییە لە بیروباوەڕی عیرفانی و تەئویلی ناخەکییانەی دەقە پیرۆزەکان (مردانی، ١٣٧٧، ٨٩). هەروەها هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان میتۆلۆژیای یارسان و تەسەوفی ئیسلامیدا هەیە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٨٧)، ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە لە نووسراوەکانی ئەهلی هەقدا سەبارەت بە سەرەتای بەدیهاتنی بوونەوەر بەرچاو دەکەون، لە کەلەپووری نووسراوی ئەهلی تەسەوفدا زۆرن، دەستپێکردنی چیرۆکی سەرەتای بەدیهاتن لەکتێبی (تذکرە الاعلی) دا وەبیرخەرەوەی هەمان چیرۆکە کە لە کتێبی سۆفییانەی (مرصاد العباد)ی (نجم الدین رازی)دا هاتووە، بوونی ناوی گەورەپیاوانی تەسەوف وەك (حەسەنی بەسری، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، ئەبو حەسەنی خەرقانی، عەبدولقادری گەیلانی، و جونەیدی بەغدادی و هتاد...)، هەروەها بوونی چەندین زاراوەی سۆفییانە لەلای ئەهلی هەق و هاوشێوەیی زۆربەی ئاداب و تەوحیدی لەبیروباوەڕی یارساندا.

پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، کە ئایینی (یارسان) و هاوشێوەکانی زیاتر جەخت لەسەر رۆحانییەت و حیکمەت و حەقیقەت و پاکبوونەوە و دەروشانەوەی ناخەکی دەکەنەوە، لەسەر ئەم بنەمایە، پەیوەندیشیان لەگەڵ خودا پەیوەندییەکی ناخەکییە، کە چەقی پەیوەندییەکە دەبێتە دڵ و دەروون، بەم جۆرەش لەم جۆرە ئایین و تەفسیرانە بۆ ئایین رێگە بۆ سۆفیزم و عیرفان خۆش دەبێت و پەیڕەوانی زیاتر لە نێو نەریت و هەوا و حاڵی سۆفییانە دەژین و پەیڕەوی لێدەکەن.

٣- پەیوەندیی (بابا تاهیر) بە ئایینی یارسانەوە

(بابا تاهیر) لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی هزری سۆفیزم و سۆفیگەریدا ژیاوە، بە تایبەت پەرەسەندنی تێگەیشتن و راڤەی ئایین بە خۆشەویستی و عەشق بەرامبەر

بەخودا، لە سەردەمی ژیانی (بابا تاهیر)دا ئایینی ئەهلی هەق (یارسان) زیاتر وەکو ڕێبازێکی موسوڵمانان خۆی دەنواند، کە پێدەچێت بە هۆی سەرکوت و مەترسییان بووبێت لە شەڕ و لەناوبردنیان کە بەدرێژایی سەردەمەکان، یارسانەکان بەربەرەکانی دەکران بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانییەکان بە (غولاتی شیعە) و (باتینی) و (علی ئیلاهی)ش ناویان دەبرا (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٨٧).

بێگومان هەوای ئایینی یارسان کە تێکەڵ بە سۆفیزمی ئیسلامی بوو، نەك تەنیا لە هۆزانەکانی بابا تاهیرا دەردەکەوێت، بەڵکو خۆشی ئەندامێکی گەورە و خاوەن پایە و پلە و مەقامێکی تایبەتی بوو لە ناو پەیڕەوانی ئایینی یارسانەکان. کە زمانی ڕەسمییان دیالێکتی (گۆران)ی زمانی کوردییە. بێگومان (بابا تاهیر) کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم تەوژمە ئەو سەردەم بە تایبەت لەلای ئێرانییەکان سۆفیزم وعیرفان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، دیداری (شاە خوە شین) و (بابا تاهیر) و میوانداریکردنی (بابا تاهیر) لە (شاە خوە شین) لە ماڵەکەی خۆیدا، سەرەتای ئاشنایەتی (بابا تاهیر) بوو لەگەڵ ئەهلی یارسان، هەروەها هاوسەرگیریی (بابا تاهیر) لەگەڵ دڵبەرەکەی خۆی (فاتیمە لوڕە) بە سەرەتای ئاشنایەتی ئاماژەی پێکراوە (محمود، ٢٠١٨، ص ١٨٠)، هەروەها لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (بابا تاهیر) چەند شیعرێکی بە شێوەی گۆرانیی پەتی داناوە و ناردوویەتی بۆ (هەقەکان) بۆئەوەی کە لە بیروباوەڕی یەك بگەن و وەک وێرد بەکاري بێنن، ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەری بووە. هەروەها ئاشنایەتیی نێوان (بابا تاهیر) لەگەڵ (ئەهلی هەقە)کاندا ئەوە بووە کە ئەوان (بابا تاهیر)یان بە فریشتەی چوارەمی (خشین) داناوە کە لە لوڕستان بووە. لەم ڕوانگەیەوە (یارسانەکان) (بابا تاهیر) بە فریشتەی چوارەم و ڕێبەری خۆیان دەزانن (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٨٠).

لەم ڕوانگەیەوە (بابا تاهیر) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە لەگەڵ (یارسان) و یەکێك بووە لە یارسانە موسڵمانەکان بە بەڵگەی ئەوەی لە دووبەیتییەکانی زۆر سوودی لە ئایەت و چەمکەکانی (قورئانی پیرۆز) وەرگرتووە و بەکارهێناوە، و ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەی پەیامبەری ئیسلام ڕەنگیداوەتەوە لەناو دووبەیتییەکانیدا، دەکرێ وەك نموونە ئاماژە بەم دوو بەیتییە بکەین.

"مو از قالوا بلی تشویش دیرم گنه از برگ و باران بیش دیرم
اگر لا تقنطوا دستم نگیر مو از یاویلنا اندیش دیرد[٣]"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٥٩)

لەم چوارینەیەدا، (قالوا بلی) ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە (١٧٢)ی سورەتی (الاعراف) "الست بربکم قالوا بلی". هەروەها (لا تقنطوا) ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە (٥٣)ی سورەتی (الزمر) "لا تقنطوا من رحمة الله". هاوکاتیش (یا ویلنا) ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە (٥٢)ی سورەتی (یس) "قالوا یا ویلنا من بعثنا من مرقدنا".

باسی دووەم: هزری سۆفیزمیی (بابا تاهیر)

تەوەری یەکەم: سۆفیزم لای (بابا تاهیر)

بەرهەمەکانی (بابا تاهیر) رەنگدانەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیەتی سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و خودا، زۆر بە روونی جیهانبینیی ئەم زاتە لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت لە دوو بەیتییەکانیدا رەنگیداوەتەوە، کە هەموو ئەمانە رەنگدانەوە و شێوەی بیرکردنەوەی ئەم زاتە دەردەخات بە تایبەت تێڕوانینی لە بارەی هزری سۆفیزمەوە، و رێچکەی (بابا تاهیر) رێچکەیەکی عیرفانی و دەروێشیزمییە، هەوڵیداوە حاڵەتە ناخەکی (قەلبی) و عیرفانییەکانی خۆی بخاتەڕوو، و بە زمانێکی زۆر سادە و پڕ مانا و کاریگەر لەسەر (دڵ) دەرببڕێت. کەواتە خامەی ئەو بۆ (دڵ) بووە نەك رازاندنەوەی وشە و کێشەی کێش و سەروای شیعری، عاشقی حەقیقەت و مەعریفەیەکی ناخەکی (قەلبی) بووە بە مەبەستی گەیشتن بەمەعشووقی راستەقینەی خۆی و توانەوەی لە نێو ئەم ماشووقەدا .

(بابا تاهیر) لەبارەی پێناسەی سۆفیگەرییەوە دەڵێت: "التصوف حیاة بلا موت، وموت بلا حیاة". واتە "سۆفیگەری ژیانێکی بێ مەرگە، و مەرگێکی بێ ژیانە". هەروەها سۆفیگەری بە هەژاری و پشتکردنە سامان وماڵی دونیا و دەزانێت (شوان، ٢٠٠٦، ٢٤٦). لێرەدا، (بابا تاهیر) لە قۆناغەکانی تەسەوفدا بە تۆبە و زوهد و خۆپارێزی و خۆپاککردنەوە لە مادیاتی دونیا و روو وەرگێڕان لێیان دەست پێدەکات (هەمان، ١٧٤)، و روودەکاتە جیهان و بوونی حەقیقی لە حەقی رەها (خودا) تاکو دەگاتە پلەکانی

(فەنا) و (بەقا) و (وەجد و شهود) لە زاتی ئەودا (هەمان، ٨٧، ١٢٧). هەروەها لە بەشی (٤٣)ی کتێبی (گوتە کورتەکان)دا بە (٩) نۆ گوتە باس لە تەسەوف دەکات، هەرچەندە هەر (٥١) پەنجاویەک بەشەکەی کتێبەکە (کە لە ٤٢١ گوتە پێکهاتووە) تەرخانە بۆ بابەتی سۆفیزم و رۆحانییەت و قۆناغ و چەمکەکانیان. چونکە تەسەوف بۆ ئەو بریتییە لە پانتاییەکی فراوان کە بە (دەریا) ئاماژەی بۆ کردووە. وەک دەڵێت:

"تو خود گفتی که مو ملاح مانم
بهـ آبدید کانکش تیبرانم
همی ترسم که کشتی غرق وابو
درین دریاي بیپایان بمانم[٤]" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٦٨).

به بڕوای (بابا تاهیر) سۆفیزم زانستێکە لە دەروونەوە پەیدا دەبێت و دواتر لە رواڵەتدا دەردەکەوێت، واتا لە دڵەوە سەرەتا دەگرێت و بەسەر جەستە و رووکەشدا رەنگدانەوەی دەبێت (شوان، ٢٠٠٦، ٢٤٨). لە سۆفیگەریدا پراکتیزەکردنی رادەبەدەر و زیادەڕەوی ئەرکە ئایینییەکان و سازشکردن و گونجان لەگەڵ شەریعەتدا دەبینرێت، هەروەها بڕینی قۆناغەکانی وەك (تۆبە، زانین، بێ نیاز، توحید، هتاد...) پابەندە بەخانەقا و رابەر و پرۆگرامەکانیان، راهێنانی دەروونی و خۆ پاککردنەوە و پەروەردەکردنی و زاڵبوون بەسەر حەز و ئارەزووەکانی و پاراستنی خۆی لە خراپەکانی کۆمەڵگا، بە مەبەستی گەیشتن بە پلەی عیرفان، بۆیە عیرفان قۆناغێکی رووحی و هزرییە پاش قۆناغی زوهد و دەروێشگەری و سۆفیگەریی دێت، چونکە عیرفان لە ئەنجامی رامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵی ناخ و دەروون و دڵ و رۆحانییە بۆ تێکستە ئایینییەکان (محمود، ٢٠١٤، ١٢٠). دەکرێ عیرفان لەم رستەیەدا کورت بکەینەوە (خۆناسی و خوداناسی) و لەو قۆناغەدا پرۆسەی بوون بە مرۆڤ بە واتای وەردەکەی لە کردار و جیهانبینیدا تەواو دەبێت و مرۆڤ دەگاتە ئارامیی رۆحی و کامەرانی لە ژیاندا. ئەویش بە نواندنی عیشق و عاشقییە بۆ هاوچەشنەکەی. لەم روانگەیەوە هزری سۆفیزمیی (بابا تاهیر) ئەگەر بە وردی سەیری بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن (بابا تاهیر) لە سۆفیگەرییەوە نەخشە رێگایەك بنیاد دەنێت بۆ گەیشتن بە عیرفان

بە تایبەتیش تیۆری (یەکێتی بوون). کەواتە هزری سۆفیزمی لای (بابا تاهیر) لە سۆفیگەرییەوە دەست پێدەکات لە یەکێتی بووندا کۆتایی پێدێت .

یەکێتی بوون (وحدة الوجود) ڕێبازێکی عیرفانییە، جەخت لەسەر یەکتایی خودا و بوونەوەر دەکاتەوە بە میتۆدێکی فەلسەفی و لەسەر بنەمای ڕۆشنایی و بینینی قەلبی (کشف و شهود). واتە بوون یەکەیەکی بەستراوە و یەك یەکەیە. یەکبوونی ڕاستەقینە هەیە ئەویش بوونی خودایە، بوونەکانی تر ڕاستەقینە نین بەڵکو ڕەنگدانەوەی بوونی خودان (دینانی و پندری ١٣٨٩، ٨-١٠)، ئەم هەموو گەرد و ئەتۆمی جیهان و گەردوون رووکەش و ڕەنگدانەوەی رووی خودان، ئەهلی عیرفان لەسەر ئەو بڕوایەدان یەکایەتی (وحدة) لە نێو زۆرێتی (کثرة) دایە، هەروەها پێیانوایە زۆرێتی کۆدەبێتەوە دەبێتە یەکێتی بوون، ئێمە لە خواوە سەرچاوەمان گرت و دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ خودا، هەروەها هەموو رووبارەکان لە کۆتاییدا لەگەڵ دەریا دەبنەوە بەیەك. لەکاتێکدا سەرچاوەی رووبارەکان دەریا بووە هەروەك چۆن ئاو لە دەریاوە دێت و دەڕژێتە نێو رووبار و دواتر بڵاو دەبێتەوە و دووبارە دەڕژێتەوە نێو دەریا، دڵۆپە و دەریا یان شەپۆڵ نموونەی دیار و ناسراوی ئەهلی دڵن بۆ بابەتی یەکێتی بوون، چۆن تیشکی خۆر بەر دەریا دەکەوێت و ئاو دەکات بە هەڵم و هەڵم بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، دواتر هەڵمەکان بە هۆی ساردبوونەوە چڕ دەبنەوە و لە شێوەی دڵۆپەی باران دەکەونە سەر زەوی، رووبار و جۆگەلەیان لێوە پێکدێت، لە کۆتاییدا ئەم دڵۆپانە دەگەڕێنەوە بۆ دەریا. (بابا تاهیر) کە زۆر بە روونی ئاماژەی بە یەکێتی بوون کردووە لە دوو بەیتییەکانیدا. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ژیاندۆستیی سۆفی، کە ئاو وەک بنچینەی ژیان و شتی زیندوو لە دەریای بەریندا دەبێتە ئاماژە، تا لەو بەرینییەدا خۆی ون بکات و بوونی ئەبەدی بۆ بمێنێتەوە، وەک چۆن لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئاو بنچینەی هەر شتێکی زیندووە (وجعلنا من الماء کل شیء حي، الانبياء، الآية ٣٠).

بە گشتی (بابا تاهیر) لە هۆزانەکانیدا لە هەوڵی یەکێتی بوونە و بە شەیدایی و پەرێشانییەوە بە دوایدا دەگەڕێ، لەڕێگای قۆناغەکانی سۆفیگەرییەوە و هەنگاونان پلە بە پلە بەتایبەت قۆناغی مەعریفەت، شەیدایی، میهرەبانی، وەجد و ڕۆشنایی و

شەوق، عەشق، بۆگەیشتن بەم یەکێتی بوونە. ئەو ئیستاتیکا و جوانی لە هەموو شتێك دەبینێت، بۆیە دونیای وەك تابلۆیەکی جوان دەبینێ کە لەلایەك شێوەکاری راستەقینەی بوونەوە کێشراوە. هەروەک ئەوەی خودا بە نێو بوون و گەردووندا رژابێت و هەر شتێک بەشێک لە بوون و جوانی ئەوی بەرکەوتبێت، هەروەك خۆی ئاماژە بەم حەقیقەتە دەکات و دەڵێت:

"به صحرا بنگرم صحرا ته وینم　　به دریا بنگرم دریا ته وینم
بهر جا بنگرم کوه و در و دشت　　نشان از روی زیبای ته وینم[٥]

" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٧٠)

لێرەوە، (بابا تاهیر) زۆر چێژی لە روانین لە سروشت و گەردوون بینیوە، زۆربەی کاتەکانی بە گەڕان بە ناو سروشت و گەڕیدەیی بەسەر بردووە، ئەمە بە روونی لە هۆزانەکانیدا دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆریان بۆ وەسفی عاریفانەی سروشت تەرخانکراون. بە بڕوای ئێمە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پێیوابووە خودا لە هەموو شوێنێکە و تەنها بە توانەوە و هەڵاتنی نووری ئەو لە دڵدا دەتوانرێت ببینرێت، ئەمەش دوای بڕینی قۆناغ و دۆخ و پلەکان. لەم هۆزانە دوو بەیتییەدا دەڵێت:

"چه خوش بی وصلت ای مه امشبک بی
مرا وصل تو آرام دلک بی
زمهرت ای مه شیرین چالاك
مدامم دست حسرت بر سرك بی[٦]" (بابا طاهر، ١٣٧٤،١٠٨)

بۆ دەربڕینی ئەو چێژ و شادییەی لە دیداری یاردا، لە حاڵی وەجد و شهودی ئیلاهیدا دەڵێت:

"خوش آنساعت که دیدار ته وینم　کمند عنبرین تار ته وینم
نوینه خرمی هرگز دل مو　مگر آن دم که رخسارت ته وینم[٧]"

(بابا طاهر، ١٣٧٤، ٧٠)

لەم دۆخەدا، کە سۆفی و عارف لەگەڵ خودا و یار و ماشووقی خۆیان تێکەڵ دەبن و لەیەکدا دەتوێنەوە، دنیای ماددی و جەستەیی لەبیر دەکەن و (حەلاج) ئاسا

باکیان بە ئازاری جەستە نامێنێ، چونکە بنچینەی عیرفان و سۆفیزم پاک و باڵایی ڕۆح و لە یادکردنی جەستەیە، بۆ ئەمەش (بابا تاهیر) دەڵێت:

"بود درد مو و درمانم از دوست
بود وصل مو و هجرانم از دوست
اگر قصابم از تن واکره پوست
جدا هرگز نگردد جانم از دوست[٨]" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٢٨)

تەوەری دووەم: چەمکە بنەڕەتییەکانی سۆفیزم لای (بابا تاهیر)

سۆفیزم و عیرفان ژمارەیەکی زۆر چەمک و ئاماژە لە خۆ دەگرن، کە واتا و مەغزای فراوان و جیاواز دەبەخشن، سۆفی و عاریفانیش چەمکەکان لە گوتە و شەتەحات و نووسینەکانیان بەکاردەبەن، هەرچەندە (بابا تاهیر)یش وەک یەکێک لەوان زۆرینەی چەمکەکانی بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەکە تەرخان نییە بۆ زاراوەسازیی سۆفیزم و وەک کارێکی فەرهەنگی و مەعریفی خەریکبوون و توێژینەوەی دیکەی پێویستە، لەبەر ئەوە لێرەدا تەنها وەک نموونە چەند چەمکێک و واتا و ڕەهەندەکانی لای (بابا تاهیر) دەخەینە ڕوو کە وەک چەمک و زاراوەی (چەتری) دەتوانن چەندان چەمکی دیکە لە خۆ بگرن، ئەگەر نا دەتوانرێت فەرهەنگی سۆفییانەی (بابا تاهیر) وەک پرۆژەیەکی ئەدەبی، فیکری، مەعریفی و عیرفانی کاری لەسەر بکرێت و بخرێتە بەردەست خوێنەر و توێژەری کورد.

١- دڵ

لە فەلسەفەی عیرفاندا، دڵ شوێن و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و سەرچاوەی مەعریفەی پەتی و حەقە، دڵ بە سەنتەری مرۆڤ هەژمار دەکرێت لە دۆخەکانی زانین و ناسین و گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها، لەبەرئەوە (بابا تاهیر) بایەخێکی یەکجار زۆری پێداوە بە تایبەت لە دوو بەیتییەکانیدا. بەتێگەیشتنی ئێمە واباشترە بە دیوانی (بابا تاهیر) بڵێین (دڵنامە)، بە جۆرێک زیاد لە (٣٠٠) سێ سەد جار ئاماژە بۆ دڵ کراوە. دڵ لەلای شاعیر مەڵبەندی عیشق و موحیبەتە، مەنزڵگای دۆست و

گەوهەرێکی مەلەکووتییە، بە تەنها پارچە گۆشتێکی بێبایەخ نییە. دڵ هێز و بوونێکی پیرۆزە، شوێنی ماشووق و نزیکترین بەشی مرۆڤە لە خودا، شوێنی بینینی خودا و یەکبوون و ئاوێتەبوونە لەگەڵ ماشووق/خودا.

دڵ شوێنی (وەجد)ە، وەجدیش نووری خودایە لە دڵ و دەرووندا، یان (نارالله)یە و دڵێک نوور و ئاگری خوایی تێدا نەبێت شەیتان بە تاریکی پڕی دەکاتەوە (شوان، ٢٠٠٦، ١١-١٢). هەر بە وەجد و نووری خوداش دڵ دەتوانێت خۆی لە پیسییەکانی دنیا و جەستە و مادییات رزگار بکات و پەیوەندییان لەگەڵ بپچڕێنێت و تاوەکو رۆح زیاتر باڵا بکات و بدرەوشێتەوە (هەمان، ٨٧). دڵ وەک سەرچاوەیەکی ناخەکی و کانییەکی شاراوە توانستی پەیبردنی بە رێگای حەق و گەیشتن پێی هەیە، لە کاتێکدا زمان ئەو توانستەی نییە، وەک ئەوەی زمان درۆ بێت و دڵ راست و دروست بێت، لێرەدا ئاماژە بۆ جۆش و خرۆش و کوڵانی ناخەکی سۆفی و عاریفانە لە پەیوەندییان لەگەڵ خودادا (هەمان، ١٩٨) وەک ئەوەی زمان پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان رێکبخات و دڵیش تایبەت بە خودا. هەروەك بابا تاهیر خۆی ئاماژەی پێدەکات کە لە حاڵەتی توانەوەی دڵ و دڵبەر و دڵدار لە یەکبووندا بە جۆرێك کە نایزانێ کامەیان ئەوی تریانە، ئەمەش توانەوە (حلول) و فەنا و بەقا و خۆ بزرکردن لەوی دیکەدا دەگەیەنێت، فەنابوونی سۆفی بە دڵ دەبێت و بە سێ شێوەی (کردەوەیی، سیفەتی، خودی) (هەمان، ٢٣١) ئەمانەش ئەستەمە زمان دەروەستیان بێت و مەگەر تەنها نووسینێکی بێ گیان بن. ئەمە نامۆترین قۆناغە و بوونە بە یەک لەگەڵ ئەویدی. (بابا تاهیر) دەڵێت:

"اگر دل دلبر و دلبر کدام است وگر دلبر دل و دلرا چه نام است
دل و دلبر بهم آمیته وینم ندونم دل که و دلبـر کدام اســـــت(٩)"

(بابا طاهر، ١٣٧٤، ٢٧)

لێرەدا (بابا تاهیر) ئاماژە بە حەقیقەتێکی دڵ دەکات، کە عاریف لەم حاڵەتەدا خووڕەوشت و خەسڵەتەکانی خۆی دادەماڵێت و خوو بە خەسڵەت و سیفەتەکانی (ئەو/خودا) دەگرێت و دەگاتە دوا پلەی سۆفیگەری کە قۆناغی نەمان/لەبەینچوون

(فنا)یە ئیتر بۆی جودا ناکرێتەوە کە عاشق کێیە و ماشووق کێیە (کاکەیی، کوردیپیدیا).

بابا تاهیر ئاماژە بەشەیدایی و وابەستەبوون بە دۆستی راستەقینە، کە خودایە، دەکات. کە ئەم وابەستەگییە مایەی ژیان و بەختەوەرییە و پچڕانیش لە دۆست و ماشووق و دوورکەوتنەوە لێی مایەی ژان و دەرد و بەدبەختییە، چونکە ژیانی راستەقینە لەم جیهانە لەگەڵ دۆستە، ئەگەر ژیان خاڵی بێت لەم وابەستەگی و پەیوەندی و تێکەڵاوییە، ئەوا مەرگ زۆر باشترە. لەبەرئەوەش بوو گوتی قەساب جەستەم پارچەپارچە بکات باشترە نەک دڵم وابەستە نەبێت بەخودا، واتە سەرچاوەی خۆشی و ناخۆشی لەم جیهانە وەصل بوون و نەبوونە بە خودا. ئازار لە پچڕانی پەیوەندی و چێژیش لە پەیوەندییەکەدایە.

هەروەها (بابا تاهیر) جیا لە چوارینەکانی، لە کتێبی (گوتە کورتەکان)یشدا لە زۆر جێگە ئاماژە بە پێگە و گرنگی و ئەرکی دڵ دەکات و لە یەکێک لە پێناسەکانیدا لە بارەی دڵەوە دەڵێت: "القلب میزان الحق" واتە "دڵ تەرازووی حەق/حەقیقەتە" (شوان، ٢٠٠٦، ٦٦). کە ئەگەر وردبوونەوەی زمانەوانی و زاراوەیی، هەروەها ئاماژەناسی سۆفییانە تەنها لەم پێناسەیەدا بکرێت، ئەوا هەر سێ چەمکی (دڵ، تەرازوو، حەق) واتا و لێکدانەوە و رەهەندی جۆر بەجۆر لە خۆ دەگرن.

بە بڕوای (بابا تاهیر) دڵ دەتوانێت رێگەی حەق بدۆزێتەوە و پێی بگات و پلەو پێگەی مرۆڤ و عاریف باڵا بکات، بە گڕی عەشق بسوتێ و کڵپە بسێنێ تا گەوهەری وجوودی تێدا بدرەوشێتەوە، کە زۆربەی هۆزانەکانی لەبارەی دڵ و دڵی شەیدا بە یار ئاماژەیە بە ئاشوفتەگی و سووتان و گڕ و ئاگر و رۆشنبوونەوەی وەک کوورە (بۆ ئەمەش دیوانەکەی نموونەی زۆری تێدان). بەڵام گەر دڵێک رەش بێت و بە نووری حەق رووناک نەبێتەوە، هەمیشە دەبێتە مایەی دەرد و ئازار و هیچ چێژ و بەرهەمێکی جاویدانی لە عیشقی ئیلاهیدا ناچنێتەوە. کەواتە دەشێت دڵی دوور لە عیشق و وەسڵی یار ببێتە مایەی ئێش و ئازار، وەک لەم نموونە شیعرییانەدا دەردەکەوێت:

"دڵێ ئەشقت نەکا، نرخێ نەهێنێ
دڵم ناوێ کە ئەشقی تۆی نەمێنێ
ئەوەی ئێخە دڕاوی ئەشقی تۆ بێ
هەزاران موددەعـــی دنیا دێنـــێ" (لوقمانی، ١٣٩٢، ٧٤).

"خدایا داد از این دل داد از این دل
نگشتم یک زمان من شاد از این دل
چو فردا داد خواهــان داد خواهنــد
بر آرم من دو صد فریاد از ایــن دل(١٠)" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٤٨)

"بڕۆم بێژم کە سۆزباری بکا دڵ **لە بەختم شیوەن و زاری بکا دڵ**
ئەتۆ یارێ پەیا ناکەی وەکو من **کە بۆ گیان و دڵت یاری بکا دڵ"**

(هەمان، ٣٤).

"دلا غافل ز سبحانی چه حاصل
مطیع نفس و شیطانی چه حاصل
بود قدر تـــو افــزون از ملایک
تو قدر خود نمیدانی چه حاصل(١١)" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٥١)

٢- عەشق

عەشق پێناسە ناکرێت، چونکە بابەتێکی ئەزموونی و کەسییە پەیوەندی بە جیهانی سۆز و چێژەوە هەیە، بابەتێکی زانستی و هەواڵی نییە، چونکە عاشق لە بارودۆخێکی تایبەتدایە، واتە حاڵ و هەوای عاشق. لەبەرئەوە هەر شتێك لەبارەی عەشقەوە بگوترێت لە رووی زانستییەوە بایەخی نابێت، جگە لە عیرفان و خوداناسی و دانایی سۆفییانە. کەواتە باشترین پێناسە بۆ عەشق ئەوەیە کە پێناسە ناکرێت و هەر هەوڵێکیش بۆ پێناسەکردنی کات بە فیڕۆدانە. عاریفەکان گوتوویانە هەرکەسێك بیەوێت پێناسەی بکات ئەوە لە عەشق تێنەگەیشتووە، بۆ دەرککردنی عەشق یەك رێگە هەیە ئەویش عاشقبوونە، ئەمەش بە واتای ئەوەی عەشق پێناسە مەکەن بەڵکو

ئەزموون و پراکتیزەی بکەن. هەرچییەك لەبارەی عەشق گوترابێت تەنها وەسفی حاڵ و هەوای عاشق بووە دەکرێ بڵێین عەشق وەسف دەکرێت بەڵام پێناسە ناکرێت، لەحاڵێکدا کۆمەڵە چەمکێکە و چەند واتایەك لە نێو بازنەی عەشقدا دەخولێنەوە، وەك (مەی، وابەستەگی، ویساڵ و فیراق، بێ هۆشی، مەستی، نەمان و فەنا، بەقا و مانەوە، توانەوە و هتاد...). (بابا تاهیر)یش لە زۆربەی دوو بەیتییەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەك دەڵێت:

"بود درد مو و درمانم از دوست　　　بود وصل مو و هجرانم از دوست
اگر قصابم از تن واکره پوست　　　جدا هرگز نگردد جانم از دوست(١٢)"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٢٨).

"اگر آئی بجانت وانواجم　　وگر نائی به هجرانت گداجم
ته هر دردی که داری بر دلم نه بمیرم یا بسوجم یا بساجم(١٣)"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٥٤).

"زدست عشق هر شو حالم این بە　　　سریرم خشت و بالینم زمین بی
خوشم این بی که موته دوست دیرم　　　هر آن ته دوست داره حالش این بی(١٤)"

(باباطاهر، ص ٣٦٤).

"ز عشقت آتشی در بو دیرم　　در آن آتش دل و جان سوته دیرم
سگت ار پا نهد بر چشمم اي دوست　　بمژگان خاك راهش رو ته دیرم(١٥)"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٥٩)

هەروەها (بابا تاهیر)، لەبارەی خوشەویستی وعیشقەوە ئاماژە بەوە دەکات کە خوشەویستی خودا لەنێودڵی مرۆڤدا بوونی هەیە و شاراوەیە، بۆیە عاریف هەندێکجار بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات دەست دەکات بەمەدح و سەنای ئەو (مقصود، ١٣٤٥، ٨٢) بە تایبەت لەکاتی مەستیدا. کەواتە خوشەویستی وعیشق پلە وپایەکی بەرزی هەیە لە هزری (بابا تاهیر)، هەندێك گوتوویانە پێویستە بە دووبەیتیەکانی (بابا تاهیر) بڵێین (عیشقنامە). لە راستیدا هەموو قسە و باس و شیعرەکانی رەنگدانەوەی عیشقن بۆ خودا، ئەو بۆ ماشووقی خۆی شیعری زەمزەم کردووە، وەك دەربڕینێك لە شەیدایی و مەست بوونی عاشق کە تیایدا ژیاوە.

کاتێك عاریف خوشەویستەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، لە چاوی ئەو بادەی مەی نۆش دەکات. هەر بۆیە لە تاریکی شەوی تاردا و لە ڕێگای پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی حەقپەرستیدا ئەم مەستە و سەرخۆش، مەستی عیشقێکی یەزدانییە، کە هیچ شتێکی دی پێی لەق ناکرێت، تەنانەت ئەگەر چی کۆسپ و تەگەرە بادەی عیشقەکەی لەدەست بخەن، بەڵام بادە ناشکێت، چونکە ئەم هیچ گومانێکی بەرامبەر بە ماشووقەکەی نییە، و ئامادەیە لەپێناویدا هەموو زەحمەتییەك قبوڵ بکات و بچێژێت. ئەو بەهۆی تاعەتەوە هەمیشە لەگەڵ دڵدارەکەی ژووانی هەیە. ئەگەر ئێوارەیەك غافڵ بێت و پێی نەکرێت بچێتە خزمەتی، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەوانەی ئەو ئێوارەیە لە تاعەت غافڵ نەبوون و دەچێتە زیارەتی ئەوان (کاکەیی، کوردیپێدیا).

"شب تاریك و سنگستان و مو مست
قدح از دست مو افتاد و نشکســـت
نگه دارندەاش نیکـــو نگه داشـــت
وگرنه صد قـــدح نفتاده بشکســـت[(١٦)]" (باباطاهر، ١٣٧٤، ٢٨)

"عاشق اون بی که دایم در بلابی
ایوب آســـا به کرمـــون مبتلا بی
حسن آســـا بنوشه کاســـه زهر
حسین آســا شــهید کربلا بـــی[(١٧)]" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ١٠٢)

هەموو ئەم دوو بەیتانە و چەندانی دیکەش لە دیوانی (بابا تاهیر)دا نموونەی هەڵوەدایی و ئازارکێشی و شەیدایی عاشقن بۆ خودا ماشووقەکەیان، ئیدی ئامادەی هەموو قوربانییەکن بۆ گەیشتن بە دولبەریان. تەنانەت عاشق دەبێ هەمیشە بە بەڵا و دەردی (ئەییوب) و تراژیدیای (حەسەن و حوسەین) و پێست داڕنین و تەواوی ئازارەکانی جەستە تاقیبکرێتەوە، بۆ ئەمەش نموونەی زۆری هاوشێوەی (حەللاج) و (سوهرەوەردی) هەن. (بۆ راڤەی زیاتری بەیتەکان بڕوانە: شوان، ٢٠١٥).

بە گشتی، بە هۆی پێگەی عیشق و خۆشەویستی خودایی، بە عیرفان و سۆفیزم دەگوترێت (ئایینی خۆشەویستی)، کە ئەم تێگەیشتنە تەنها لە پەیوەندیی نێوان

کەسایەتی عاریف و خودا کورت نەکراوەتەوە، تەنانەت دەکرێ بگوازرێتەوە ناو ژیانی رۆژانە و هەقیقی، بەمەش ئایینی خۆشەویستی دەتوانێت زیاتر رووەو پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و پاراستنی شکۆ و بەهای مرۆڤ ئاراستە بکرێت و چیدی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ نەکوژرێ و نەچەوسێتەوە، کە لە تەوەری دواتردا لەسەر ئەم رەنگدانەوەیە دەوەستین.

تەوەری دووەم: بەهای مرۆڤ و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە سۆفیزمی (بابا تاهیر)دا

١- جیاوازی و لێبوردەیی

لە ئایینی خۆشەویستی و عیرفاندا مرۆڤ پلە و پایەی تایبەتی پێدراوە، گەوهەرێکی بێ وێنەیە، خۆی بەها و رێزە، نوێنەر و جێنشینی خودایە لەسەر زەوی، تەنانەت پێگەی لە فریشتە گەورەتر و پیرۆزترە (سرامی و خیریە، ١٣٩١، ٢١)، کە ئەمانە ئاماژەن بۆ سەرچاوە دینییەکانی عیرفان، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا (انا جعلناك خليفة في الأرض، ص، الاية ٢٦) و (ولقد كرمنا بني ادم، الاسراء، ٧٠).

ئەوەی کە عیرفان لە هەموو رێبازە هزرە فەلسەفییەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە عیرفان لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات. مرۆڤ کائینێکی گیانی و ماددییە، بەڵام لایەنە گیانییەکەی گرنگترە لە لایەنە ماتریالییەکەی، لەبەرئەوە عاریفان هەمیشە خەریکی پەروەردەکرنی رووح و دڵن، کە لایەنی چییەتی و زاتیی حەقیقەتی مرۆڤن، لە کاتێکدا لایەنی ماددی تەنها فۆرمە. لە عیرفاندا میتۆدێکی تایبەت هەیە بۆ ناسین و مەعریفەی مرۆڤ و خودا، بە جۆرێک ناسینی مرۆڤ لەپێش ناسینی خودا دادەنێت، هەروەك گوتراوە (من عرف نفسه فقد عرف ربه)، (هەرکەسێك خۆی ناسی واتە خوای ناسی)، ئەمە بنەما و ریشەی عیرفانە، کەواتە گەوهەری عیرفان زاتی مرۆڤە. لە هەمان کاتیشدا لە هزری عیرفانیدا مرۆڤ ئاوێنە و مەزهەری خودایە، ئامانجیش لە بوونی جیهان و گەردوون مرۆڤە، واتە هەموو بوونەوەر لەپێناوی مرۆڤدا دروست کراون، هەموو قۆناغەکانی عیرفان بریتییە لە گەیشتنی مرۆڤ بە گەورەترین پلە واتە (یەکێتی بوون) لەگەڵ خودا. بەمەش ناو و سیفەتەکانی خودا لە مرۆڤی کامڵدا

ڕەنگدەدەنەوە، واتە مرۆڤ هێما و سیمبوڵی فۆرمی خودایە لەسەر زەوی، مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرکانی تر پیرۆزتر و بەڕێزترە هەروەك (بابا تاهیر) ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات:

"دل غافل ز سبحانی چه حاصل　　مطیع نفس شیطانی چه حاصل
بـــود قـــدر تو افزون از ملک　　قدر خود نمی‌دانی چه حاصل(١٨)"

کەواتە، مرۆڤ خاوەن وجوودێکی ڕێزلێگیراوە، ئەم ڕێزەش تەنها وابەستەی بیروباوەڕ و ئایینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تایبەتە بە جەوهەری مرۆڤبوون. جەوهەری مرۆڤبوون بۆ عاریفان لە خۆناسی و خوداناسیدایە نەک شەریعەتێکی دیاریکراو و بەجێهێنانە ڕووکەشییەکان، واتا مرۆڤ خاوەن دڵ و دەروون و خودێکی باش و پاک و جوان و ڕۆشن بێت و ڕۆحی بە دیدار و عیشقی خودایی پاراو بووبێت. (بابا تاهیر) لێرەدا خاوەن تایبەتمەندییەکی گرنگی قبوڵکردنی جیاوازی و دانان بەوانی دی و پێکەوەژیانە، چونکە خاڵی گرنگ کە دەتوانێت مرۆڤە جیاوازەکان و ئایینە جیاوازەکان کۆبکاتەوە سۆفیزم و عیرفان و پاکبوونەوە و تەجەللای ڕۆحییە.

بەم پێوەرە پەیڕەوانی ئایینی هەق و خۆشەویستی ناکەونە سووکایەتی بە باوەڕ و ئایینی کەسانی دیکە، بەڵکو دان بە ڕێگەی جیاوازی گەیشتن بە خودا دادەنێن، کە لە ڕاستیدا ئامانجەکەش گەیشتنە بە خودا نەک پەیڕەوی لە نەریت و شەریعەتی دنیایی و ڕووکەشی، یان زمان و ڕەگەز و نەتەوەی جیاواز، دەکرێ لە دیوانەکەی (بابا تاهیر) چەندان بەڵگە بخرێنە بەرچاو بۆ ئەم مەبەستە، بۆ نموونە:

" اگر مستان هستیم از تە ایمان　　وگر بی پا و دستیم از تە ایمـان
اگر گبریم و ترسا ور مســلمان　　بهر ملت که هستیم از تە ایمان(١٩)"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٧٧)

تەنانەت (بابا تاهیر) زیاتر لەوەش دەڕوات و پێیوایە کە مرۆڤی باوەڕدار و عاریف گەیشتە چێژی مەستی و دیداری خودا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان پەرستگەی ئایینە جیاوازەکان و بوتخانە نامێنێ:

" خوشا آنانکه پا از سر ندونند مثال شعله خشک وتر ندونند
کنشت و کعبه و بتخانه و دیـر ســرائی خالی از دلبر ندونند[٢٠]"

(بابا طاهر، ١٣٧٤، ٣٩)

(د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان) لە راڤەی ئەم دوو بەیتییەدا دەڵێت: سۆفییەکان لە هەموو شوێنێکی پیرۆز خودا دەپەرستن بە بێ جیاوازی، چونکە پەرستگاکانماڵی دولبەرن لە هەر ئایینێکدا (شوان، ٢٠١٥، ٢٣). ئەمەش باوەڕێک دەخاتەوە کە خودا خاوەنی تەنها رەنگێک و پەرستگەیەک و ماڵێک نییە، وەک پێشتر باسکرا خودا بەناو هەموو گەردووندا بە پانتاییەکی فراوان رژاوە و لە تەنیا جێگەیەک نییە، بەڵکو بەر لە هەر شوێنێ دەبێ لە دڵدا بۆی بگەڕێین.

"کجا بی جاي ته اي بر همه شاه که مو آیم بدانجا از همه راه
همه جا جاي ته مــو کور باطــن غلط گفتم غلط اســـتغفرالله[٢١]"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٨٦)

هەروەها ئەو پێیوایە ئایینی راستەقینە نابێ بۆ مەبەستی بچوکی دنیایی بەکار بێت و ببێتە مایەی شەڕی نێوانیان و بەرژەوەندی گروپ و رێبازێک نەخەنە سەرووی جەوهەری مرۆڤ و ئەرکی راستەقینەی ئایین، لێرەشدا پێیوایە ئەمە لە رەوتێکدا دروست دەبێت کە ئایین بۆ رێبازێک بچوک دەکەنەوە، ئەمە تەنانەت لە ئایینێکی وەک ئیسلامیشدا پێشبینی کراوە کە گروپ و رێبازی جۆربەجۆر دوور دەکەونەوە لە جەوهەری راستەقینەی ئایینەکە، وەک ئەوەی باس لە (٧٢) گروپی جیاواز دەکرێت لە رۆژانی کۆتایی جیهاندا:

"دلم دردین و نالین چه واجم رخم گردین و خاکین چه واجم
بگردیدم به هفتاد و دو ملت بصد مذهب منادین چه واجــم[٢٢]"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٥٤)

لە هەموو هۆزانەکانی ناوبراودا، هیچ جۆرە دەمارگیری و رەگەزپەرستی و زاڵکردنی مەزهەب و دین نابینین، بەڵکو تەنها هەوڵی دۆزینەوەی هەوێنی هاوبەش هەیە لە عیشق و خۆشەویستی ئیلاهی و گەیشتنی هەمووان بە چێژی بینینی حەقی رەها و ئاوێزانبوون لەگەڵیدا و بەدەستهێنانی نەمری و جاویدانی و دڵڕۆشنی. واتە ئەوەی گرنگە خودایە نەک ئایینەکە:

"که من دوورم له تۆ 'زونار' دەبەستم که خۆشیم بێ، یەهود و بوت پەرەستم
له دووی پەیمانی تۆ یاری وەفادار لەگەڵ هیچ کەس دەبێ پەیمان نەبەستم"

(هەمان، ٥٣).

٢-دادی کۆمەڵایەتی

هەر پەیوەست بە ژیان و شکۆی مرۆڤەوە، (بابا تاهیر) دەیەوێت سەرچاوەی بێدادی نایەکسانی و هەژاری و نەهامەتی بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە، بەردەوام بیر و هزری لای مرۆڤ بووە، هەستی بە ئازار و بێهیوایی مرۆڤ کردووە بەتایبەت لە سەردەمی خۆی، بێگومان یەکێك لە ئازار و دەغدەغەی مرۆڤ بریتییە لە پرسیارکردن سەبارەت بە بوون و چارەنووسی خۆی یان هۆی بوونی لەم دونیایی کە لە راستیدا ئەم پرسیارانە سەرەتای هەستکردنن بە دۆخ و پرسی مرۆڤ (روحانی، ١٣٧٤، ٢٥).

(بابا تاهیر) هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بۆچی دەبێت ژیانی مرۆڤ بەم شێوەیە بێت هەندێك کەس لە ناز و نیعمەتدا بژین و هەندێکی تر لە نارەحەتی و بەدبەختی پارووە نانێکی جۆی دەست نەکەوێت یان ئەگەر دەستیش کەوت بە خوێن و رەنجێکی زۆر، هەروەها بوونی ناعەدالەتی و زوڵم و ستەم بەتایبەت لە لایەنی کەسانی دەست رۆیشتوو، بۆچی دەبێت مرۆڤ ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە بکێشێت.

(بابا تاهیر) گازندەی زۆری هەبوو لە ژیان و گەردوون، تا رادەیەك نائومێدییەکی زۆر لە دوو چوارینەکانیدا دەردەبڕێت سەبارەت بە ژیانی خۆی و هەموو مرۆڤایەتی و رەخنە لە بوونی خۆی و هاتنی بۆ ئەم جیهانە دەگرێت، خۆزگە بۆ نەبوون و نەهاتن دەخوازێت، چونکە پێیوایە ئەم ژیانە جگە لە رەنج و ئازار و مەینەتی هیچی تر نییە، مەگەر لە رێگای بڕینی قۆناغەکانی سۆفیگەری و عەشقێکی ئیلاهی و پاك لە نائومێدی و ئازار و رەنجی ژیان رزگاری بکات.

لە هۆنراوەکانی (بابا تاهیر) بە دوو مەبەست باس لە نەبوونی و هەژاری کراوە، رەهەندێکی ناخەکی کە پەیوەستە بە شێوەژیانی سۆفییانە و عاریفانە، کە هەمیشە هەژار و رووتورەجاڵ بوون و تەرکی دونیا و ماڵی دنیا و چێژەکانیان کردووە، بۆ ئەوەی ناخ و رۆحیان بەرز و درەوشاوە بێت، وەک خۆی دەڵێت "هەژاری دەریای

بەڵایە" واتە بوونێکی ناتەواوە و پێویستی بەویدیە (شوان، ٢٠٠٦، ١٦٦). هەروەها لە رەهەندێکی ترەوە، روانگەی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی خەڵکی بێدەرەتان و هەژارە، کە جیاوازیی چینایەتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و کەسانێک دەوڵەمەند و خۆشگوزەران و بەهرەمەند لە خۆشییەکانی دونیا و کەسانێکیش بێبەش و بێبەهرە دەبن لێی. بۆ نەهێشتنی جیاوازیی دووەم (بابا تاهیر) هەوڵدەدات دەستی بگاتە پێگە و دەسەڵاتە باڵاکانی بوون و گەردوون تا بتوانێت چەرخی گەردوون بە قازانجی هەژاران و مرۆڤایەتی و یەکسانی و دادی نێوانیان بچەرخێنێ.

"اگر دستم رسد بر چرخ گردون   از او پرسم که این چین است و آن چون
یکی را میدهی صد ناز و نعمت   یکی را نـــان جو آلوده در خـــون[٢٣]"

(باباطاهر، ١٣٧٤، ٧٨)

بە گشتی لە زۆر هۆزاندا باس لە هەژاری و خەم و دەربەدەری دەکات، زۆر جاریش سەرباری ماریفەت و دانایی و پاکی و دڵسۆزی، بەڵام چەرخی گەردوون هەر بە دڵ و کامی ئەو ناگەڕێ و نائومێدی دەکا:

"ز دست چرخ گردون داد دیرم
هزاران نالـه و فریـــاد دیـــرم
نشنید دستانم بـا خس و خـــار
چگونه خاطر خـــود شاد دیـرم[٢٤]" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٥٨)

بەڵام لە ئەنجامدا، (بابا تاهیر) لە ناخ و دڵییەوە هەست بە ئارامییەک دەکات کە خودای هەیە، ئەگەر دنیاشی نەبێت بۆی نابێتە کێشە، بەڵکو نەبوونی خودا کێشە گەورەکەیە، وەک ئەوەی بڵێین هەژاران لانیکەم خاوەنی خودان:

"خداوندا بفریـــاد دلـــم رس
تو یار بیکسان مو مانده بیکس
همه گویند طاهر کس نـــداره
خدا یار مو چه حـــاجت کس[٢٥]" (بابا طاهر، ١٣٧٤، ٤٦)

"مو آن رندم که نامم بی قلندر نه خان دیرم نه مان دیرم نه لنگر
چو روج آیو بگردم گرد گیتی چو شو آیو به خشتی وانهم سر[٢٦]"
(باباطاهر، ١٣٧٤، ٤٠)

ئەنجام

١.(بابا تاهیر) سۆفی و عاریفێکی خاوەن پێگە و ئەزموون بووە، بە وردی ئاماژەی بۆ قۆناغ و هەنگاوەکانی ئەزموونی سۆفیگەری و عیرفان کردووە لە بەرهەمەکانیدا.

٢.(بابا تاهیر) لە پەیڕەوانی ئایینی هەق بووە، لە نێویاندا ئایینی (یارسان)، بەڵام وەک موسوڵمانێک خۆی نیشانداوە. هەرچەندە خاوەن پێگەی بەرز بووە لە نێو (یارسان) و لە هەندێ سەرچاوە وەک رێبەری رۆحانی و تەنانەت وەک یەکێک لە فریشتەکانیان هەژمار کراوە.

٣.باوەڕی زۆری بە پاکدڵی و خاوێنبوونەوەی رۆح هەبووە، بە تایبەت بە رێگەی تەسەوف و عیرفان، بۆ ئەم رێگەیەش تەنها ئایینێکی دیاریکراوی بە تاکە رێگە دانەناوە، بەڵکو رێگاکانی هەموو وەک یەک سەیر کردووە، بەڵکو گرنگ ئەوە بووە بتگەیەنێت بە ماشووق و یار/خودا، ئەمەش بە خاڵێکی گرنگ و جیاکەرەوەی ئەو دادەنرێت لە باوەڕبوونی بە جیاوازییەکان و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و رۆحیانە و وەلاوەنانی مەزهەبگەرایی و دەمارگیری.

٤.لە روانگەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە باوەڕی تەواوی بە دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی نێوان خەڵکی هەبووە، تا ئەو رادەیەی خواستی ئەوەی هەبووە دەستی بگات بە چەرخی گەردوون و دەسکاری دنیای بێدادی بکات و یەکسانی بگێڕێتەوە بۆ نێوان مرۆڤەکان و بەها و شکۆی مرۆڤ بگێڕێتەوە.

٥.(بابا تاهیر) وەک دەسپێکی ئەدەبی کوردی، بەرهەمەکانی خۆی تەنها لە چێوەی هۆزاندا دەرنەبڕیوە، بەڵکو بە شێوەی گوتەی کورت و کتێبی تر نووسیویەتی، هاوکات لە زمانی کوردیدا بە تێکەڵی لە شێوە زارەکانی گۆران و لوڕی هۆزانی چڕیوە، جگە لەمەش بە زمانەکانی عەرەبی و فارسیش نووسیویەتی.

پەراوێزەکان:

(1) (یارسان) یان (ئەهلی هەق) لە هەندێ نووسین بە ئایین و لە هەندێکیش بە ڕێبازێکی ئایینی ئیسلام یان ئایینزایەکی ئەو ئایینە دادەنرێت. بەڵام (د. عرفان مستەفا) لە بابەتێکدا بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە هەردوو (یارسان) و (یەزیدی) ئایینن و بە ئایینی حەق ناویان دەبات، بۆ ئەم تێز و بۆچوونەشی کۆمەڵێک ئارگیومێنتی ئۆنتۆلۆژی و زمانی و سیستمی دەخاتە ڕوو، پێیوایە هەردوو ئایینە ڕۆحییەکە خاوەن سیستم و ڕۆح و جەوهەری تایبەت بە خۆی و جیاواز لە ئایینە سامییەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لە (یارسان) و (یەزیدی) دوو فۆرم و بونیاد و سیستم و جەوهەری جیاوازیان هەیە لە یەکتر. بەڵام بە هۆی دۆخی سیاسی و سەرکوتەوە، زۆرجار بە مەزهەبکردنی ئایین دروستبووە و لە هەمان ڕوانگەشەوە هەندێ جار هەمان تەفسیر و لێکدانەوە بۆ ئەوانیش دەکرێت کە گوایە ڕێبازێکی شیعی یان سوننی سەر بە ئیسلامن (هەورامی، ٢٠١٣، ٣٨-٦٣).

(2) هۆکاری ئەوەی کە ئێمە نازناوی (عۆریان)مان لە بری (هەمەدانی) هەڵبژاردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (بابا تاهیری عۆریان) زیاتر واتای سۆفیزم و عیرفان و ژیانی سۆفییانە دەبەخشێت وەک لە (هەمەدانی) کە ئاماژەیە بە شوێن. عۆریان جگە لە واتاکەی کە بریتییە لە (رووت و ڕەجاڵی، سادەپۆشی، شەفافی، ژیانی قەلەندەری و هەژارانە و سۆفییانە) هەروەها بە واتای گەیشتن بە حەقیقەتی رووت و جەوهەری و شەفافیش دێت. هەروەها لە زۆر شوێندا لە پاڵ ناوەکەیدا ئەم نازناوە عیرفانییە بەکاردەبرێت.

(3) "لەبەر 'قالوبلی' شێتم لە تاوان — لە باران و گەڵا زۆرترمە تاوان
ئەگەر 'لاتقنطوا' نایە بە فریام — لەبەر 'یا ویلنا' ترسم فراوان"

(لوقمانی، ١٣٩٢، ٣٧).

(4) "ئەتۆ فەرمووت کە میوان بم لە ژیندا — گەمی رادەم لە ئاوی چاوی شیندا
دەترسم گەر گەمی یەکسەر نوقوم بێ — ببم وەیلان لە نێو دەریای بەریندا"

(لوقمانی ، ١٣٩٢، ٥٤)

(5) "لەسەیری دەشت و مەزرا تۆ دەبینم — کە دەڕوانم لە دەریا تۆ دەبینم
کە دەڕوانم لە هەر کێو و دەرودەشت — نیشانەی بەژن و باڵای تۆ دەبینم"

(لوقمانی، ١٣٩٢، ٣٨)

(6) گەلێک خۆشە ببی تێکەڵ بە یەزدان — منیش شادیم بە رووی تۆیە لە جێژوان
لە دووری تۆ گوڵی جوانی شیرینم — ئەوا دەستی خەمانم وا لە سەردان

(لوقمانی، ١٣٩٢، ٨٦).

(7) "دەمێ خۆشم کە دیدارت دەبینم — کە من بسکی عەتربارت دەبینم
نییە هەرگیز لە دڵما ڕەنگی شادی — مەگەر ئەودەم کە روخسارت دەبینم"

(هەمان، ٤٢).

(٨)''ئەمن دەردان و دەرمانم لە یارێ / هەموو دەم وەسڵ و هیجرانم لە یارێ
ئەگەر قەسساب لەش و پێستم بگروێ / جودا نابێتەوە گیانم لە یارێ''
(لوقمانی، ١٣٩٢، ١٧).

(٩)''ئەگەر دڵ دڵبەرە، دڵبەر نەزانم / ئەگەر دڵبەر دڵە، دڵ دەن نیشانم
دڵ و دڵبەر ئەوەندە تێکەڵاون / جودا نین بۆم دڵ و دڵبەندی گیانم''
(لوقمانی، ١٣٩٢، ١٦).

(١٠)''خودا هاوار لەبەر دڵ داد لەبەر دڵ / کە هیچ ساتێ نەبووم دڵشاد لەبەر دڵ
کە سۆزی دادوەر دادم بپرسن / دەبێژم سەد هەزار بێداد لەبەر دڵ''
(لوقمانی، ١٣٩٢، ٣٥).

(١١)''دڵە غافڵ لە سوبحانی چ حاسڵ / لە رێی فەرمانی شەیتانی چ حاسڵ
ئەتۆ رێزت زیاتر لە فریشتان / بەها و پێگەت کە نازانی چ حاسڵ''
(لوقمانی، ١٣٩٢، ٣٤)

(١٢)''ئەمن دەردان و دەرمانم لە یارێ / هەموو دەم وەسڵ و هیجرانم لە یارێ
ئەگەر قەسساب لەش و پێستم بگروێ / جودا نابێتەوە گیانم لە یارێ''
(لوقمانی، ١٣٩٢، ١٧).

(١٣)''ئەگر هاتی بە گیانم پایەنازم / نەیەی ئاگر بە جەستەی لانەوازم
وەرە و دەردت بنێ باری دڵی من / دەبێ بمرم، بسووتێم، یان بسازم''
(هەمان، ٣٦

(١٤)''لە دەردی تۆ دڵم دایم خەمینە / نوێنگەم سەر زەوی، خشتم سەرینە
گناهم خۆشەویستی تۆیە تەنها / کەسی ئاشق بە تۆ، وەک من حەزینە''
(هەمان، ٦٦)

(١٥)''لە عەشقی تۆ گڕێ بەربۆتە حاڵم / بە گیان و دڵ دەسووتم وەک زوخاڵم
سەگت گەر پێ بنێتە سەر چەمانم / دەبێ تۆزی بە برژانگم بماڵم''
(لوقمانی، ١٠٩).

(١٦)''شەوی تاریک و رێ سەخت و منیش مەست / عەجەب نەشکا کە جام بەر بوو لەسەر دەست
بەڵێ راگر بە چاکی بۆمی پاراست دەنا / سەد شووشە نەشکەوت و شەقی بەست''
(هەمان، ١٦).

(١٧)''کەسێ دڵدارە دایم بەر بەڵایە / وەکو ئەییوب برینی کرمەزایە
حەسەن ئاسا دەنۆشێ کاسەیەک ژار / حوسێن ئاسا شەهیدی کەربەڵایە''
(هەمان ، ٨٠).

(١٨)''دڵە غافڵ لە سوبحانی چ حاسڵ / لە رێی فەرمانی شەیتانی چ حاسڵ
ئەتۆ رێزت زیاتر لە فریشتان / بەها و پێگەت کە نازانی چ حاسڵ''
(لوقمانی، ٣٤).

(١٩)ئەگەر مەست و نەبانین، تۆیە بڕوا　　که بێ هەست و نەزانین، تۆیە بڕوا
ئەگەر هیندوو، وە یا گاور و مسوڵمان　　له کام خەڵک و زمانین تۆیە بڕوا"
(هەمان، ٥٦).

(٢٠)"چ خۆشن ئەو کەسانەی شادمانن　　له ئاگردا تەڕو وشکی نەزانن
پەرستگە و کابە و بوتخانە و دەیر　　لەچاوی وان هەموو جێی دڵبەرانن
(هەمان، ٢٢)

(٢١)"مەکانت یاری دڵبەر له کامە لایە؟　　هەتا بگرم منیش ڕێی بارەگایە
له هەرلا تۆی ئەمن کوێری دەروونیم　　هەڵەم کرد وا پەشیمانم خودایە"
(هەمان، ٧٣)

(٢٢)"دڵم پڕ دەرد و ناڵینە چ بێژم سەرم پڕ تۆز و خۆڵینە چ بێژم
به نێو حەفتا و دوو میللەتدا گەڕاوم　　به سەد مەزهەب شەڕی دینە چ بێژم"
(هەمان، ٤٧).

(٢٣)"که دەستم چێتە چەرخی زەمانە　　دەڵێم ئاکاری تۆ بۆ وەک نەزانە
یەکێ بەخشیتە پێی سەد نازونیعمەت　　یەکێ نانی بە زووخاو، ژینی ژانە"
(لوقمانی ، ٥٨).

(٢٤)"له دەستی چەرخی چەپگەڕ من دەکەم داد　　دەکەم هاوار هەزاران بانگ و فەریاد
که دڵبەر هاونشینی دڕک و داڵە　　ئەدی چۆن من بژیم ئارام و دڵشاد"
(هەمان، ٣٧).

(٢٥)"خودایا بێ بە هاوار دڵی زار　　کەسی بێکەس ئەتۆی من بێکەس و کار
دەڵێن خەڵکی که تاهیر بێکەسی تۆ　　کەسم ناوێ خودا بۆ من کەسە و یار"
(هەمان، ٣٠).

(٢٦)"من ئەو ڕەندەم که پێم ئێژن قەلەندەر　　نە نانێکم، نە مانێکم، نە لەنگەر
که ڕۆژ هەڵدێ دەسووڕێم دەوری ماڵت　　که شەو دادێ، لەسەر خشتێ دەنێم سەر"
(هەمان، ٢٦).

سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز

بە زمانی کوردی

- **کتێب**

١. لوقمانی، ڕەحیم، ١٣٩٢ هـ ، چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، بە شێوەزاری کورمانجی خواروو (سۆرانی)، پەخشانگای زانستی کالێج، چ ١، سنە.
٢. شوان، د. ابراهیم احمد ، ٢٠٠٦، گوتە کورتەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، وەرگێڕان، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.
٣. شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠١٥، ڕاڤەی دوو بەیتەکانی بابە تاهیری هەمەدانی، هەولێر.
٤. خەزنەدار، د. مارف، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥. محمود، سالار عزیز، ٢٠١٤، هزری فەلسەفی لە شیعری مەلای جزیریدا، چ ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.

- **گۆڤار**

١. خاڵ، شێخ محمدی، ١٩٧٧، بابا تاهیری هەمەدانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی٥، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.
٢. هەورامی، د. عرفان مستەفا، ٢٠١٣، ئێزدی و یارسان وەک دوو دەرکەوتەی ئایینی حەق، گۆڤاری لالش، گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیرییە، بنکەی لالش دەریدەکات، ژمارە (٣٨).

- **ئینتەرنێت**

١. کاکەیی، فەهمی، ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی یارسان لە چوارینەکانی بابا تاهیری لوڕدا، https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2013082100110589124&lng=6. ٢٠١٣/٨/٢١
٢. حوسێن، جوتیار نەریمان، گوزەرێك بە مێژووی بیروباوەڕی ئایینی کاکەییدا، http://www.historyofkurd.com، (2017/12/3)

به زمانی فارسی

- **کتاب**

١. اذکایی، پرویز، ١٣٧٥، باباطاهر نامه، ناشر: توس، چ ١.
٢. باباطاهر، اشعار باباطاهر، ١٣٧٤، ناشر: قاسمی، مشهد.
٣. الراوندی، محمد بن سلیمان، ١٣٦٣، راحته الصدور و آیه السرور در تاریخ آل سلجوق، به سعی و تصحیح محمد اقبال، چ٢، انتشارات علی اکبر علمی، تهران.
٤. ذبیح الله، صفا، ١٣٧٩، تاریخ ادبیات ایران، جلد دوم، انتشارات امیرکبیر، تهران.
٥. پناه، شهناز یزدان، ١٣٩٨، نگاهی نو در عقاید عرفا، نشر اینده درخشان.
٦. مردانی، محمد، ١٣٧٧، سیری کوتاه در مرام اهل حق، چ١، انتشارات مؤسسه دفاع از حریم اسلام.
٧. مقصود جواد، ١٣٤٥، شرح احوال، اثار دوبیتی های باباطاهر عریان، به انظمام شرح وترجمه کلمات قصار وی، منسوب به عین القضاه همدانی، انتشارات انجمن أثار ملی ایران.
٨. روحانی، بابامردوخ، ١٣٧٤، تاریخ مشاهیر کرد، جلد اول، ناشر: سروش، تهران.

- **گۆڤار**

١. دینانی، ارزو ابراهیمی و یدالله جلالی پندری، ١٣٨٩، بنیان گذار وحدت وجود، حلاج یا ابن عربی؟، مجله علمی- پژوهشی، دانشکده علوم انسانی_دانشگاه کاشان، شماره یازدهم بهار- تابستان.
٢. سرامی، قدم علی و بهروز خیری، ١٣٩١، قلهای در دامن الوند، تأملی درعرفان باباطاهرعریان، فصلنامهی تخصصی عرفان اسلامی، شماره٣٤، سال ٩.

به زمانی عەرەبی

- **کتێب**

١. الحفني، د. عبدالمنعم، ٢٠٠٣، الموسوعة الصوفية، مكتبة مدبولي، ط١، القاهرة.

- **-گۆڤار**

١. محمود، د. سالار عزیز، ٢٠١٨، بابا تاهیری هەمەدانی و یەکیەتی بوون لە دوو بەیتییەکانیدا، مجلة الاستاذ، تصدر عن جامعة بغداد/كلية التربية للعلوم الانسانية، مجلة علمية محكمة فصلية، العدد ٢٢٦، المجلد الأول.

الملخص:

الفكر الصوفي عند ((بابا طاهر العرياني)).

هذا البحث قراءة تحليلية في عمق الفكر الصوفي (الهرمونطيقا) عند ((بابا طاهر العرياني)). ركزنا في هذه الدراسة على اقواله واشعاره خصوصا الرباعيات والثنائيات الشعرية، وايضا حققنا في مصادر افكارها الصوفية خصوصا علاقته مع طائفة (اليارسان)) والتصوف الاسلامي.

وايضا هذا البحث يتناول الفكر الصوفي ومراحله، والرؤية الفلسفية والاجتماعية و وحدة الوجود الذي تعتبر من الاتجاهات الصوفية والعرفان والاتحاد بين الله والكون والمفارقات عند ((بابا طاهر العرياني))، وكيف عبر بابا طاهر بأسلوبه في كلماته واشعاره عن رؤيته عن المصطلحات الصوفية وطريقة اهل الحق وخصوصا مصطلح القلب الذي عبر عنها باسلوب عرفاني، وايضا أشار الى اهمية مكانة وقيمة الانسان، وتجلي الله في الانسان، مع اشارته الى الجانب الاجتماعي في التعايش ومعرفة الحق في الدين.

Abstract:

Sufi (mysticism) thought in ((Baba taher Al-Auryani)).

This paper is an indexical analysis reading in the depth of Sufi (mysticism) thought (hermeneutical analysis) in ((Baba taher Al-Auryani)). In this study, we focused on his sayings and poems, especially the quatrains and dualistic poems, and we also investigated the sources of his Sufi ideas, especially his relationship with the (Yarsan) sect and Islamic Sufis. Also, this research deals with Sufi thought and its stages, the philosophical and social vision and the unity of existence which is considered one of the Sufi trends, gratitude and union between God and the universe, and the paradoxes of ((Babataher Al-Aryani)), and how Babathar Al-Aryani expressed his vision in his words and poems. Sufi terminology and the way of the people of truth, especially the term of the heart, which was expressed in a ritualistic manner, and also referred to the importance of the status and value of man, and the revelation of God in man, with its reference to the social aspect of coexistence and knowledge of the truth in religion.